


# تاكسی فڕۆكە گشتگیر دەبێت؟

چەند ساڵێكە بە چڕی هەوڵ دەدرێت، ئۆتۆمبیلی فڕۆكە بەرهەم بێت كە بكرێت گشتگیر بكرێت و شوێنی ئۆتۆمبیلی ئاسایی بگرێتەوە و قەرەباڵغی ناو شارەكان نەهێڵدرێت، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ماوەیەك دەخایەنێت. ئەمساڵ لە دوبەی تاقی كرایەوە، پێشتریش لە چەند وڵاتی دیكە وەك تێست تاقیكرابۆوە، بەڵام نەبۆتە دیاردە و گشتگیر نەبووە.

كۆمپانیای (Vertical Aerospace) كە لە بەریتانیا چالاكی هەیە، نیازی هەیە لە ماوەی چوارساڵدا ئەم خەونە بێنیتە دی و لەنێوان شارەكانی بەریتانیادا تاكسی فڕۆكە هاتووچۆ بكات.

فڕۆكە سێ تایەكەی كۆمپانیای ناوبراو كە بە باتری كار دەكات و چوار پەروانەی هەیە و كێشی ٧٥٠ كیلۆیە، جارێ لە تاقیكردنەوەدایە و فڕینەكەی بەسەركەوتوویی ئەنجامداوە. پێدەچێت خێرایی تاكسیە فڕۆكەكە ٣٢٠ كیلۆمەتر لە كاتژمێرێكدا بێ و بۆ هەر شەحنكردنەوەیەكیش تا ٨٠٠ كیلۆمەتر بفڕێت.

# كیبۆردێكی گونجاو بۆ مۆبایل و تەبلێت





مۆبایل لە زۆربەی بوارەكاندا شوێنی كۆمپیوتەری گرتۆتەوە، بەڵام بەهۆی قەبارەی بچووكیان هەرگیز ناكرێت وەك كۆمپیوتەر بۆ تایب كردن سوودی لێوەربگیردرێت، مەگەر كیبۆردی تایبەتیان بۆ دابندرێت.

كیبۆردی بلوتوسی تایبەت بە مۆبایل و تەبلێت گەلێكن، یەكێك لەو كیبۆردانە، كیبۆردی جۆری (flex)ە. كیبردێكی گونجاو لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ تەبلێت، تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەكان و مۆبایل و كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. كێشی كیبۆردەكە تەنیا ٤٠٠ گرامە. خاڵی جێگای سەرنجی كیبۆردەكە ئەوەیە كە لە یەك كاتدا لەگەڵ چەندین ئامێر پێكەوە پەیوەند دەدرێت.



# پرینتەرێکی مۆبایل دەستکاری وێنەش دەکات



بە داهێنانی مۆبایل و کامێرای دیجیتالی، بەداخەوە پیشەی تاقیگەی وێنەی دیجیتالی نەما، چونکە زۆر کەم ئەو وێنانەی دەکێشرێن، دەخرێنە سەر کاغەز، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکان هەوڵیانداوە پرینتەرێکی بچووک کە ئەرکی چاپکردنی وێنە بگرێتە ئەستۆ بەرهەم بێنن، ئەو پرێنتەرانەی لەگەڵ گشت جۆرە ئامێرێکی دیجیتالی وەك مۆبایل، کامێرا، تەبلێت، کۆمپیوتەر دەگونجێن.

پرێنتەرێکی بچووك کە بە پرێنتەری فۆتۆشۆپ ناسراوە و لەگەڵ گشت سیستەمەکانی مۆبایل وەك ئایفۆن و ئەندرۆید و هەروەها لەگەڵ کۆمپیوتەریش دەگونجێت بەرهەم هاتووە. ئەم پرێنتەرە بچووکە وێنەی ٦×٤دا چاپ دەکا، ئەو وێنانەی دەگیردرێن پێویست بەوە ناکات لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایل دەستکاری بکرێن، بەڵکو خودی پرێنتەرەکە پرۆگرامی تایبەت بە دەستکاری کردنی وێنەی تێدایە و خودی پرێنتەرەکەش سیستەمی ئەندرۆید دەخوێنێتەوە. پرێنتەرەکە کەیسێکی تایبەتی هەیە کە شوێنی چل فۆتۆ دەگرێت. خێرایی چاپکردنەکەش یەك خولەکە.. بۆ پەیوەندی نێوان مۆبایل و پرێنتەرەکە پێویستی بە سیستەمی وای-فاش نییە تەنیا ئەوەندە لە پرێنتەرەکە نزیك بێتەوە، وێنەکە چاپ دەکات.





# قەڵەمێک ریمۆت کۆنترۆڵی وێنەگرتن

بەبێ ئەوەی هیچ ریکلامێك بێت بۆ سامسۆنگ، دەکرێت بڵێین مۆبایلی جۆری گەلەکسی نۆت ٩ی سامسۆنگ لەریزی باشترین ئەو مۆبایلانە دێت کە کوالیتی وێنەگرتنیان لەسەرێیە. هێشتاش نازاندرێت مۆبایلی ناوبراو، کامێرایەکی بەهێزە لە بەرگی مۆبایلدا، یان مۆبایلێکی بەهێزە لە بەرگی کامێرای زیرەکدا، چونکە هەردوو لایەنەکەی زۆر بەهێزن..

مۆبایلی (Samsung Galaxy Note 9) قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بە جۆری S Pen ناسراوە. قەڵەمێك کە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایلەکەی پەیوەند دەدرێت و زۆر ئەرك ئەنجام دەدات کە پێنووسە زیرەکەکانی دیکە ئەنجامیان نەداوە. پێنووسەکە ئەگەرچی بە وزە کار دەکات، بەڵام وەك ئەوە وایە هیچ وزەیەکی نەوێت چونکە لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا تەواو شەحن دەبێتەوە و هەتا نیو کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت، شەحن بوونەکەشی تەنیا بە مۆبایلەکەی خۆیەتی.

قەڵەمەکە هەموو ئەو ئەرکانەی ئەنجام دەدات کە قەڵەمە زیرەکەکان ئەنجامی دەدەن، بەڵام هەندێك ئەرکی دیکە کە هیچ پینووسێکی ژیرۆك ئەنجامی نادات، وەك ئەوەی کە ئەگەر شاشەی مۆبایلەکە بکوژێتەوە دەتواندرێت بە قەڵەمەکە یادداشت بنووسیەوە، ئەوانەی شارەزای وێنەکێشانن دەتوانن بە ویستی خۆیان وێنەی پێ بکێشنەوە. دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی وێنەگرتن سوودی لێوەربگیردرێت و لەمەودای دە مەتر دوور لە کامێراکە وەك دوگمەی وێنەگرتنی کامێرا بەکار بهێندرێت، یان دەکرێت کۆنترۆڵی مۆسیقای پێبکرێت و فایلە دەنگییەکانی پێ بگۆڕی. دەتوانی لەکاتی کردنەوەی ماڵپەڕێکدا، ئەو شوێنانە دەست نیشان بکەی کە سەرنجت رادەکێشن، یان دەق دیاری بکەی بۆ وەرگێڕان بە زمانی مەبەست. ئەگەر گەلەکسی نۆت ٩ ئەو پێنووسە زیرەکەشی لەگەڵ نەبا هەر گرنگی خۆی هەبوو، بەڵام پێنووسەکە هێندەی دیکە گرنگی بە مۆبایلەکە بەخشی..



# بازنەیەکی پلەیەر تایبەت بە گەنجان

ئامێرەکانی گوێدان بە مۆسیقا گەلێکن، لە MP3, MP4، هیدفۆن، هێدست، موبایل، تەبلێت بگرە هەتا کۆمپیوتەر و سپیکەرو و کاتژمێر و بازنە زیرەکەکان.

بازنی هۆشمەندی جۆری Creative-Ring-Mp3-Player یەکێکە لەو جۆرە پلەیەرانە (player) واتە ئەو ئامێرەی کە دەکرێت دەنگ بڵاو بکاتەوە. هەروەك لە وێنەکەدا دیارە، هەموو هێماکانی تایبەت بە لێدانی مۆسیقا لەسەر بازنەکە را دیارن، خۆی پێکهاتووە لە بازنێك و دوو هێدفۆن کە هێدفۆنەکان بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ بازنەکە پەیوەند دەدرێن، جگە لەوەش بەکارهێنەر دەتوانێت بازنەکە یان هێدفۆنەکان لەگەڵ مۆبایلش پەیوەند بدات. بازنەکە بەپێی دەستی کەسەکان بچوك و گەورە دەکرێتەوە. جگە لە بڵاوکردنەوەی دەنگ، شاشەیەکی بچووکیشی هەیە بۆ نیشاندانی فیلم و وێنە.. کاتێك بازنەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت دەکرێت بەهۆیەوە وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەیەوە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا دەکرێت ئەنتی ڤایرۆس لەسەر مۆبایل دابەزێنین؟**

خوێنەری بەڕێز ، ئەوەی راستی بێت هەرچەندە ئەنتی ڤایرۆسی مۆبایل هەیە بەتایبەتی سیستەمی ئەندرۆید، بەڵام ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان نییە، سیستەمی ئەندرۆید بە جۆرێك لە بواری ئەمنییەتیەیوە لەسەرێیە، کە ڤایرۆس کاری تێناکات، هەرچەندە ئەنتی ڤایرۆسی تایبەت بە مۆبایل هەیە، بەڵام ئەوانە زیاتر کێشە بۆ مۆبایل دروست دەکەن و بەشێکیشیان کاری سیخوڕی دەکەن.. کاتێك پرۆگرامێك دادەبەزێنیە سەر مۆبایل، لە پێشدا ئیزنت لێوەردەگرێ، سیستەمی ئەندرۆیدیش ئاگادارت دەکاتەوە کە پرۆگرامەکە، دزە دەکاتە سەر کامێرا یا وێنەکانت یا ناوی هاورێکانت...

خودی گوگلیش کاتێك پرۆگرامێك دادەبەزێنی ئەگەر بە مەترسی دابنێ ئاگادارتەوە کە ئەو پرۆگرامە کێشەت بۆ دروست دەکات و دایمەبەزێنە.. ئەنتی ڤایرۆسی مۆبایل جگە لەوەش خودی موبایلەکەش گەرم دادێنێ و خێرایی سیستەم کەم دەکاتەوە.


# پرۆگرامێک بۆ کۆنترۆڵ لە رێگای دوورەوە

پرۆگرامەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵ لە رێگای دوورەوە گرنگی زۆریان هەیە، رەنگە زۆرکەس نەزانێت کە دەکرێت لە رێگای دوورەوە واتە مەوداکە ئەوپەڕی هەرشوێنێك بی لە جیهاندا بتوانی لەماڵەوەت کۆمپیوتەرەکەت دەستکاری ، فایلەکانی سەری کۆپی بکەی و هەر کارێکی دیکە، یان ئەگەر رۆژێك کۆمپیوتەرەکەت تێکچوو، بەڵام کەسی شارەزا زۆر لە تۆ دوور بوو و دەستی بە کۆمپیوتەرەکەت رادەنەدەگەیشت، دەکرێ لە رێگای پرۆگرامی تایبەتیەوە کۆمپیوتەرەکەی بدەیە دەست و هەر لەدوورەوە کێشەی کۆمپیوتەرەکەت چاك بکات.

پرۆگرامەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵ لە رێگای دوور گەلێکن، تەنانەت لە خودی ویندۆزیشدا پرۆگرامێکی تایبەت بەوە هەیە وەك Remote desktop هەروەها پرۆگرامی زۆر ناسراوی ئەو بوارە Team Viewer. یەکێکی دیکە لەو پرۆگرامەکانی ئەم بوارە پرۆگرامی RealVNCیە. کە بەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆگرامەکەدا هەیە دەکرێت لە رێگای دوورەوە زۆربەی سیستەمەکان کۆنترۆڵ بکەی.

لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکان دەگونجێت و دەکرێت مۆبایل و تەبلێتیش لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵ بکەی.





# هاردیسکێک با تانک بەسەریدا بڕوا!




کۆمپانیای (ADATA) نوێترین هاردیسکی پۆرتێبڵی خۆی بەناوی ADATA HD830 خستەڕوو. هاردیسکێکی بەهێز و پتەو لە ئاست کارەساتە سروشتی و بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی را. هاردیسکی ناوبراو قەوارەی ٢،٤،٥ ترابایتی هەیە. هاردیسکەکە ستاندەرێکی نیزامی هەیە و بەو مانایە کە لە شەڕ و کاتە نائاساییەکانیشدا زۆر گونجاوە. چونکە دەتوانێت کێشی سێ تەن بەسەریدا بڕوا و هیچی لێ نەیەت، واتە تانکێك!

هاردیسکی ئاماژە پێکراو گەر لە بەرزایی ٢٠ مەتریش بکەوێتە خوارەوە هیچی لێنایەت. جگە لەوەش لە بواری دیزاین و ستایلەوەش سەرنج ڕاکێشە و دوو ڕەنگی شین و ڕەشی هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشن

جیهانی ئەنیمەیشن، جیهانێکی بەرفراوانە، بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشن و فیلمە جوڵەدار پێویستی بەپرۆگرامی تایبەت و شارەزای خۆی هەیە. لە جیهانی (وێب)یشدا سەدان ماڵپەڕی تایبەت بە دروستکردنی فیلمی جوڵەدار هەن، یەکێك لەو ماڵپەڕانە کە خزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕاییە، ماڵپەڕی Movie Maker Online. لەم ماڵپەڕەدا دەتوانی کلیپێکی سەرنج ڕاکێش بە شێوەیەکی زۆر ئاسان دروست بکەی.

بۆ دروستکردنی فیلمێك دەتوانی لە ئەنیمەیشن، وێنە، فایلی دەنگی و زۆر تایبەتمەندی دیکە سوود وەربگری.

دیزاینی ئامادەکراوی تێدایە، دوگمەی کۆنترۆڵی هەڵکردن و سوڕاندن و.. تێدایە. خشتەی کات و ئێفێکت و فیلتەری تایبەت بەخۆی تێدایە.



# فووتەی هۆشمەند بۆ نابینایان

فووتە یان مەتر بۆ پێوانی مەودایە، لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەو ئامێرە دەگوترێت (فووتە)، چونکە بۆ یەکەمجار بەریتانییەکان ئەم ئامێرەیان لەگەڵ خۆیان هێنا و دیاریکردنی مەوداش لەلایەن ئەوانەوە بە پێی واتە (فووت) دەکرا، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بە مەتر ناوی دەبن..

لەم چەند ساڵەدا تەکنەلۆژیای نوێ گۆڕانکاری بەسەر فووتەش داهێناوە، فووتەی لەیزەری و دیجیتالیش بەرهەم هاتوون، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو ئامێرانە زیاتر بۆ بینایان و نابیناکان ناتوانن سوودی لێوەربگرن. بۆیە چەند گەنجێکی خوێندکاری زانکۆیەکی تەکنەلۆژیای ئوسترالیا، فووتەیەکی تایبەت بە نابینایانیان بەناوی (macaron) بەرهەم هێناوە. بیرۆکەی دروستکردنی فووتەیەکی وا لەوەوە سەرچاوەی گرت کە یەکێك لە خوێندکارەکان کێشەی لە بینیندا هەبوو، بۆیە ئەم فووتەیان بەرهەم هێنا.

فووتەکە بچووکە، بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، بە دیوار و هەر کەرەسەیەکی دیکەش پێوەدەنووسێت. شاشەیەکی هەیە و بۆ پێوانیش هەر ئەوەندە بەسە کە بەکارهێنەر بڵێت مەودای پەنجەرە هەتا دەرگا چەندە، یان مەودای ئەم شتە تا ئەو شتە چەندە، ئەپلکەیشین موبایلەکە مەودای شتەکان لێکدەداتەوە و بە دەنگ بە بەکارهێنەرەکە رایدەگەیەنێ و ئەندازەکەش لەسەر موبایلەکە خەزن دەبێت.